هێڵی ئاسمانی ئیمارات گەشتەکانی بە بەغدا و پایتەختی لوبنان دەستپێدەکاتەوە

هێڵی ئاسمانی ئیمارات ڕۆژی هەینی ڕایگەیاند، کە پلانی هەیە لە 1ـی شوباتەوە گەشتەکانی ڕۆژانە بە بەغدای پایتەختی عێراق و بەیروتی پایتەختی لوبنان دەستپێبکاتەوە.

کەمپانیاکە لە بەیاننامەیەکدا ڕوونیکردەوە کە گەشتەکانی بە بەغدا بە فڕۆکەی بۆینگ 777 بەڕێوەدەچن و فڕۆکەی بۆینگ 777-300ER بە سێ پێل بە گەشتەکانی بە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی ڕەفیق حەریری لە بەیروت تێرخان دەکرێت و هەفتانە زیاتر لە 5000 کورسی لە هەردوو ئاراستەدا دابین دەکرێت.

هێڵی ئاسمانی ئیمارات ئاماژەی بەوەشکرد کە لە 1ـی نیسانەوە دووەم گەشتی ڕۆژانە بە بەیروت دەستپێدەکات و هەمان فڕۆکە و هەمان بەش بەکاردەهێنێت، ئەمەش لەکاتێکدا وڵاتی ئیمارات پێشتر لە کۆتایی مانگی ئێیلولی 2024 گەشتەکانی بە بەیروت ڕاگرت بەهۆی زیادبوونی گرژییەکانی نێوان ئیسرائیل و حیزبوڵای لوبنان.